وەزارەتی ژینگە:لە 60%ی هەکاری پیسبوونی ژینگە بەهۆی دەرچەی ئۆتۆمبێلە

ئەمە شەممە،وەزارەتی ژینگە هەکارەکانی پیسبوونی هەوای لە بەغدای پایتەخت ئاشکراکرد و ئاماژەی بەوەدا کە دەرچەی ئۆتۆمبێل 60%ی هەکارەکان پێکدەهێنن،هەروەک پشنیاری چارەسەری دەکات بە کەمکردنەوەی دەردانی ژەهراوی لەسەر تەندروستی مرۆڤ. "عەلی جابر لەفتە"بەڕێوەبەری هەڵسەنگاندنی کوالێتی هەوا لە وەزارەتی ژینگە،لە لەدوانەکدا ڕاگەیاند:دەرچەی ئۆتۆمبێلەکان زیاتر لە 60%ی کەی دەردانی پیسکەری هەوا لە بەغدا پێکدەهێنن، بەو پێیەی لە گازی پێکهاتووە و هەوا پیسکەرەکانی لە گەردیلە لە ئەنجامی بزوێنەرەکانەوە دروست دەبێت، بەهۆی سووتانی بە بەنزین لەناوخێیدا کاردەکات. لە درێژەی قسەکانیدا ڕاشیگەیاند :- کە ئەم دەردانانە تادێت مەترسیدارتر دەبن بە تەندروستی گشتی بەهۆی دەردانی ئۆکسیدی کاربۆن و نایترۆجین و گۆگرد کە دەبنە هۆی نەخۆشی جۆراوجۆر لە هەناسەدان، ئەوە جگە لە کاریگەری شەرپێنجە بەهۆی کاریگەری پیسبونەکانی هایدرۆکاربۆنی هەڵاوساوی و گەردیلە زۆر وردەکان (کەمتر لە 2.5 مایکرۆنەکان). ئاماژەی بەوەشکرد:- کە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان،بەو پێیەی زیاتر لە 3 ملیۆن ئۆتۆمبێل لە بەغدا هەیە ، کە پێویستی بەڕەوشوێنی حکومی هەیە بە چارەسەرکردنیان،بە ئەوەی لەگەڵە توانای ڕەگاوبانەکاندا بگونجێت، هەروەها کردنەوەی سیستەمێکی گواستنەوەی مەدەرن،کە کەمەگا بە هەکارەکانی گواستنەوە پشت بە وزەی نوێ ببەستێت، و

گەشەپەدانی بەردەوام لە هەموو وردەکارییەکانیاندا بەرجەستە بکات لەسەر بنەمای تەکنیکەکانی بەڕێوەبردنی دیجیتاڵی، سیستەمی هاتوچۆ، و بەکارهێنانی وزەی زیرەک. هەروەک لە درێژەی قسەکانیدا وتی: دەبێت هەموو ئەو چارەسەرانەی سەرەو بەدواداچوونی بە بکرێن و بخرێنە نێو ئەرکی کاری دەستە و بەشەکانی وەزارەتی ژینگە و لایەنی پەیوەندیدار بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگاکانی جێبەجێکردن و وەزارەتەکان، لەوانەش بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی گشتی و شارەوانی بەغدا،و وەزارەتی گواستنەوە، بەتایبەتی پرسی کاراکردنی ئەکارەکانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی گشتی سەبارەت بە پشکنینی ئەو ئۆتۆمبێلانەی دەبنە هۆی دەردانی گازی ژەهراوی کە ستاندارد پەسەندکراوەکان تەدەپەڕێنن.